**1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**2- وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم.**

**3- وەزیر: وەزیری رۆشنبیری هەرێم.**

**4- بریکاری وەزیر: بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم.**

**ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرك و فرمانانە دەگرێتە ئەستۆ:**

**1-پاراستنی رەسەنایەتی رۆشنبیریی کوردستانی و پەرەپێدانی بە جۆرێکی وا کە لەگەڵ بەها رەوشتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و بۆچوونە دیموکراتیەکانیدا بگونجێ و گیانی لەگەڵ یەکتر گونجان و برایەتی لەناو رۆڵەکانی گەلی کوردستاندا گەشە پێ بدات و پەیوەندیی رۆشنبیری لە نێوان گەلی کورد و گەلانی ناوچەکە و جیهان دروست بکات.**

**2- پشتگیری کردن و هاندانی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان و بلاّوکردنەوە لە هەرێمدا و یارمەتیدانی نووسەر و ئەدیب و شاعیر و هونەرمەندان بۆ بلاّو کردنەوە و یاریدەدانی چاپکردنی بەرهەمەکانیان.**

**3- دامەزراندنی دەزگای چاپ و رۆژنامەنووسی و بلاّوکردنەوەو دابەشکردن.**

**4- دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێم.**

**5- دامەزراندنی مەڵبەندێکی گشتی بۆ هونەرەکان.**

**6- هاندانی بەهرەی ئەدەبی و هونەری و زانستی و وەرزشی داهێنەر لە لای لاوان.**

**7- ئاراستە کردنی گرنگی دانێکی تایبەت بە رۆشنبیریی منداڵ لە رووی ئەدەبی و هونەرییەوە.**

**8- پشتگیریی کردن و هاندانی بزووتنەوەی شانۆ و هونەری میللی و پیشەسازیی سینەمای کوردی.**

**9- پشتگیریی کردن و هاندانی یەکێتی و رێکخراو و یانەکان و تیپە رۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری و زانستی و وەرزشی.**

**10- سازدانی میهرەجان و بەیەکگەیشتن و کۆڕی رۆشنبیریی ئەدەبی و وەرزشی و رێکخستنی پێشانگای هونەری شێوەکاریی.**

**11- ژیاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی میللی لە هەموو بوارەکانی (ئەدەبی هونەری و پیشەسازییە میللەکان)و دامەزراندنی مۆزەخانەی تایبەت بەوانەو پشتگیری کردن و فراوان کردنی ئەوەی تا ئێستا هەبووە.**

**12- بەدوا داگەڕانی ئاسەواری کۆن و پاراستنیان و گەڕاندنەوەی ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمن و دامەزراندنی مۆزەخانەی نیشتمانیی و مۆزەخانەی خۆجێیەتی و پشتگیری کردن و فراوان کردنی ئەوانەی هەنە.**

**13- دامەزراندنی ئێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن و مۆڵەتدانیان بەپێی یاسا.**

**14- دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباس.**

**ماددەی سێیەم:**

پشتیوانی لەفکری نوێ بکەین، لە ئامانج و مەهامی نوێ، پشتیوانی لەبیری نوێ و ئاشناکردنی رۆشنبیری کوردستان بە بزووتنەوەی رۆناکبیری جیهان و، دانەبڕان لە رەوشتی کەلتووری نەتەوەیی، پێشنیارێکی دیکەم هەر بۆ خاڵەکان ئەوەیە، پتەو کردنی پەیوەندی وەزارەت لەگەڵ رۆشنبیرە دیارەکانی کوردستان و، کۆکردنەوەی رۆناکبیرە جدیەکان، بەداخەوە لەهەموو تاریخی وەزارەتی رۆشنبیری کەتەماشای بکەین، رۆناکبیری جدی یان رۆشنبیری جدی، وەزارەتی رۆشنبیری بە هی خۆیان نایزانن، یەعنی دەکرێ جارێکی تر کار لەسەر ئەوە بکات، ئەو رۆشنبیرە جدیانە، ئەو کەسانە پەیوەندیان پێوە بکرێتەوە، بەهەر رێگایەك کە وەزارەت پێی باشە، چونکە بۆ ئەوەی چی دیکە وەزارەت پاشکۆ نەبێ، بۆ رۆشنبیری، پێشنگی رۆشنبیری بێت، بەنیسبەت خاڵی سێیەم، لەگەڵ رەئیی مامۆستا عوسمانم کەدەڵێ رۆشنبیری مێر مندالْ، بەڕاستی شاغیرێکی گەورە هەیە لە ئەدەبی منالأن، مندالْ کەدەگاتە عومری مندالێ نازانی چ بخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز باپیر سلیمان کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەخاڵی دووەمی ئەصڵی پرۆژەکەدا (یارمەتیدان و پشتگیری کردنی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان)، من پێم باشە دانان و وەرگێڕانی کتێب و دوبلاجی فلیمی لەگەڵ بێت، کتێب زۆر گرنگی پێنەدراوە لەکوردستان و ئێمە بێ بەشین لەو فلیمانەی کە دەوڵەتانی تر دەری دەکەن، ئەگەر هەبێ زیاتر سوودمەند دەبین، خاڵێکی تر لە بڕگەی حەوتەم هاتووە (یارمەتیدان و هاندانی کارو چالأکییەکانی یەکێتی و رێکخراو و مەڵبەند و تیپە رۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری و زانستییەکان)، ئەوەش زیاد بکرێ (ئاڕاستە کردنیان بەئامانجی بەرپابوونی بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری)، ئەوە ئیزافە بکرێ، هەرچەند لیژنەی یاسایی بڕگەی (11و 12)ی رێك خستووە، بەلأم من پێم باشە بڵێ (پشتگرتن و سالأنە رێزلێنانی نووسەر و ئەدیب و شاعیر و رۆژنامەنووسان، نەك بەدائیمی کە ئەو رێزلێنانە بۆتە شتێکی دائیمی، بۆتە مایەی ناڕازیبوونی هونەرمەند و رۆشنبیران، هەریەکی مەقالەیەکی نووسیبێ کە بیست ساڵ لەمەو پێش، هەریەك کە بەردەوامیش رێزلێنانێکی بەردەوامی هەیە، کە لە مووچەی مامۆستایەکی ئاسایی زۆر زیاترە، 300000 دیناری پێئەدرێ، بەگران دەکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی دووەم دوو تێبینیم هەیە، خاڵی چوار تەنها ئەوەندە بەس نییە کەنووسراوە (دامەزراندنی کتێ`خانەی نیشتیمانی لەهەرێم و رێکخستن و پەرەپێدانی)، بەرەئیی من زیاد بکرێ سەرپەرشتی کردنی بەردەوامی، گرنگی پێبدات پەرتووکی پێویست و شایستە تیایدا کەسوودی بەتایبەتی لەلایەن قوتابیانی دیارە، چونکە کتێبخانە کراوەتەوە، بەلأم بێ بینا ئەبێ، بێ تەنزیمە، بێ سەروبەرە بەڕاستی، هەیە ئێستا لەکوردستان ئەو نەوعانە هەیە، خاڵێکی تر پێشنیار دەکەم زیاد بکرێ، هەرچەندە لەلیژنەی یاسایی شتێکیان زیاد کردووە، بەلأم من مەبەستم ئەوە نییە موراقەبەی لەسەر بێ، خاڵێك زیاد بکرێ بووترێ،

